راگەیەندراوێک لە بانکی ناوەندیەوە لەبارەی دیارنەمانی بڕێکی زێر لە دراوی ناوخۆیی

ئەمڕۆ شەممە، بانکی ناوەندی ڕەتیکردەوە کە بڕێکی زێر لە دراوی ناوخۆیی نەمابێت. بانکەکە لە بڵیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:- ئەو دەنگۆیانەی کە باس لە دیارنەمانی بڕێکی زێر دراوی عێراقی و بە قاچاخبردنیان بە هەندێک وڵاتی دراوسێ دەکرێن ڕاست نین. بانکی ناوەندی ئاماژەی بەوەشکردوە :- کە ئەو بڕە لە دراوی عێراقی بەپێی پێویستی ئابووری عێراق و لە چوارچێوەی پێوەرە توندەکان چاپ دەکرێن. بانکی ناوەندی جەختیشی لەوە کردەتەوە کە تاکە دامەزراوەیە لە عێراقدا کە وردبینی لە ژمێریاریەکان و کارەکانی دەکات لە چوار لایەنەوە کە بریتین لە دیوانی چاودێری دارایی و کەمپانیایەکی وردبینی نێودەوڵەتی و لیژنەیەکی وردبینی دەرەکی و فەرمانگەی وردبینی ناوخۆیی. بانکەکە ئەوەشی خستەڕوو تەمەت و دەنگۆی بە بنەما و بەبێ هیچ بڵگەیەک، مەبەست و ئامانجەکەیان زیانگەیاندنە بە بەرژەوەندییە ئابووریەکانی دەوڵەت، هەروەک مافی خەیتی بانکی ناوەندی ، داوای یاسایی خۆی بە دادگاییکردنی هەرکەسێک بخاتەروو کە پەرە بەو جۆرە تەمەتانە بدات .